Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.1964007

# (جێناوی نیشانە_ اسم اشارە) لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کارییە لەزمانی کوردی و فارسدا

ئەژین ابراهیم صالح

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

*Article Info*

Received: November, 2019
Revised: November ,2019
Accepted: December ,2019

*Keywords*

جێناوی نیشانە، زمانی کوردی ، زمانی فارسی ، لێکۆڵینەوەی بەراودکاری

*Corresponding Author*

Azheenibrahim7@gmail.com

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (جێناوی نیشانە- اسم اشارە لە زمانی کوردی و فارسیدا) یە، کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراودکارییە لەنێوان ئەم دو زمانەدا بۆ خستنە ڕوی خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی جێناو و جۆرەکانی و جێناوی نیشانە بەتایبەتی.

وەک ئاشکرایە هەردو زمانی کوردی و فارسی سەربە یەک خێزانە زمانین و پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە، بۆیە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە زیاتر کاریگەری و نزیکی ئەم دوزمانە لەسەر یەکتر دەخاتە ڕو.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تائێستا جێناوی نیشانە لەم دو زمانەدا بەراورد نەکراوە، هەرچەندە بەجیا لە هەردو زماندا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە.

سروشتی لێکۆڵینەوەکە وادەخوازێت، کە هەردو ڕێبازی پەسنی و بەراوردکاری پەیڕەو بکرێت، کەرەستە و نمونەی لێکۆڵینەوەکە، بۆ زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست شێوەی سلێمانی، بۆ زمانی فارسیش سود لەزمانی ستاندەری فارسی وەرگیراوە

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتوە لە دوبەش:

لەبەشی یەکەمدا چەمک و پێناسەی جێناو و جۆرەکانی جێناو، پاشان جێناوی نیشانە و تایبەتییەکانی و ئەرکەکانی لەزمانی کوردیدا خراونەتە ڕو. لەبەشی دوەمدا جێناو و جۆرەکانی جێناو لەزمانی فارسیدا باس کراوە، پاشان جێناوی نیشانە و تایبەتییەکانی و ئەرکەکانی لەم زمانەدا خراوەتە ڕو، هەر لەم بەشەدا لەهەردو زماندا بەراورد کراون.

لەکۆتایشدا گرنگترین ئەنجام دیاریکراون، پاشان ئەو سەرچاوانەی بۆ لێکۆڵینەوەکە سودیان لێ وەرگیراوە ، لەگەڵ کەرتەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی فارسی و ئینگلیزی.

## پێشەکی

### 1 _ ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (جێناوی نیشانە- اسم اشارە لە زمانی کوردی و فارسیدا) یە، کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراودکارییە لەنێوان ئەم دو زمانەدا بۆ خستنە ڕوی خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی جێناو و جۆرەکانی و جێناوی نیشانە بەتایبەتی.

### 2 _ گرنگی وهۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە:

وەک ئاشکرایە هەردو زمانی کوردی و فارسی سەربە یەک خێزانە زمانین و پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە، بۆیە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە زیاتر کاریگەری و نزیکی ئەم دو زمانە لەسەر یەکتر دەخاتە ڕو.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تائێستا جێناوی نیشانە لەم دو زمانەدا بەراورد نەکراوە، هەرچەندە بەجیا لە هەردو زماندا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە.

## 3 _ ڕێباز و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

سروشتی لێکۆڵینەوەکە وادەخوازێت، کە هەردو ڕێبازی پەسنی و بەراوردکاری پەیڕەو بکرێت، کەرەستە و نمونەی لێکۆڵینەوەکە، بۆ زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاست شێوەی سلێمانی، بۆ زمانی فارسیش سود لەزمانی ستاندەری فارسی وەرگیراوە.

## 4- سنوری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتوە لە دوبەش: لەبەشی یەکەمدا چەمک و پێناسەی جێناو و جۆرەکانی جێناو، پاشان جێناوی نیشانە و تایبەتییەکانی و ئەرکەکانی لەزمانی کوردیدا خراونەتە ڕو. لەبەشی دوەمدا جێناو و جۆرەکانی جێناو لەزمانی فارسیدا باس کراوە، پاشان جێناوی نیشانە و تایبەتییەکانی و ئەرکەکانی لەم زمانەدا خراوەتە ڕو وهەرلەم بەشەدا لە هەردو زماندا بەراورد کراون.

لەکۆتایشدا گرنگترین ئەنجام دیاریکراون، پاشان ئەو سەرچاوانەی بۆ لێکۆڵینەوەکە سودیان لێ وەرگیراوە، لەگەڵ کورتەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی فارسی و ئینگلیزی.

## ٥_کلیلی واژە:

زاراوەی جێناو، جێناو، جۆرەکانی جێناو، تایبەتی جێناوی نیشانە، ئەرکی جێناوی نیشانە لەزمانی کوردیدا، جۆرەکانی جێناو، تایبەتی و ئەرکی جێناوی نیشانە لەزمانی فارسیدا، بەراوردکرنی جۆرەکانی جێناو، جێناوی نیشانە لەهەردو زمانی کوردی و فارسیدا.

## بەشی یەکەم: ١/١_زاراوەی جێناو:

لەزمانی کوردیدا جگە لەزاراوەی جێناو، هەندێ جار زاراوەی (ڕاناو، بۆناو، جێناڤ، زەمیر،.....هتد) بەکاردەهێنرێت، کە هەر هەمویان هەمان مەبەست وواتا دەگەیەنن.

## ٢/١_چەمک وپێناسەی جێناو:

جێناو دەکەوێتە کۆنترین بەشی وشەی فەرهەنگی یەوە، لە ڕوی واتا و نیشانەی ڕێزمانییەوە [illegible] ئاخاوتن بەکاردێت. کە جێناو وشەیەکە لەبری ناوێک بەکارئەهێنرێ جا ناوەکە لەپێشەوە بێژرا بێ وەیا لە یادا بێ.جێناو لەناو بەشەئاخاوتنەکانی دیدا جێگایەکی دیار و تایبەتی هەیە.(نوری علی امین، ٢٠١٣، ٩٧) ئەگەر چی لەڕوی واتا و پەیوەندییەوە لە ناو و ئاوەڵناو و ژمارە و ئاوەڵکردار نزیکە، بەڵام گروپێکی سەر بەخۆیە. جێناو وشەیەکی ڕێزمانیە کە دەتوانرێت بەکاربێت لە جیاتی ناوێک یان فرێزێکی ناوی، واتە جێناو وەکو وشەیەکی ئەرکی لەشوێنی ناوێک یان فرێزێکی ناوی بەکار دەهێنرێت، بەڵام نابێتە ئەوناوە یان ئەوفرێزە.

وەک ئاشکرایە ئاخێوەرزۆر جارهەوڵدەدات بە بەکارهێنانی کەمترین وزە واتاو مەبەستی خۆی بگەیەنێت. بۆیە جێناو ئەم ڕۆڵە ئەگێڕێت و بەمەبەستی کورت دەربڕین یان ئابوریکردن لەلایەن قسەکەرەوە بەکاردەهێنرێت. بۆ نمونە لەجیاتی ئەوەی بوترێت:

ئەحمەد و ئازاد هاتن بەدوای بەختیار و ڕزگاردا و بەختیار و ڕزگاریان لەگەڵ خۆیان بۆ یاری برد، دەوترێت:

ئەحمەد و ئازاد هاتن بەدوای بەختیار و ڕزگاردا و ئەوانیان لەگەڵ خۆیان بۆ یاری برد.

لێرەدا جێناوی کەسی سەربەخۆ(ئەوان) لە جێی ناوی بەختیار و ڕزگار بەکارهاتوە و هەمان واتای گەیاندوە. کەواتە دەتوانین بڵێین جێناو ئەو وشە و مۆرفیمانەن کە بری کەسێک یان شتێک بەکار دەهێنرێن و واتە ئەرکێک بەجێ دەگەیەنن.

## ٣/١_جۆرەکانی جێناو لە زمانی کوردیدا:

جێناو بەژمارە گروپێکی بچوکە، بەڵام لە ئاخاوتندا ئەرکێکی گەلێ گرنگ و گەورە دەبینێ، لەبەر ئەوە زۆر بەکاردەهێنرێ. لە زۆری بەکارهێناندا جێناو لەنێو وشەکانی بەشە ئاخاوتنەکانی زماندا لە پلەی یەکەمدا دێت. ئەو زۆر بەکارهێنانەشی بە تایبەتێتی زۆری ڕێزمانییەوە بەستراوە.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤، ٨١). لە زمانی کوردیدا چەند جۆرێک جێناو دەستنیشان کراوە، کە ئەمانەن(جێناوی کەسی، جێناوی خۆیی، جیناوی ئاماژە، جێناوی دیار، جێناوی نادیار،جێناوی هەیی، جێناوی پرس، جێناوی نەرێ، جێناوی چەندێتی، جێناوی هاوبەش، جێناوی گەیەنەر.

### ١/٣/١_جێناوی کەسی:

### أ_جێناوی کەسی جودا:

ئەو جێناوانە دەگرێتەوە کە لە ڕواڵەتدا سەربەخۆن و واتای کەسی گیاندار دەگەیەنن، هەروەها واتای کەس یان کەسەکان نیشان دەدەن و پەیوەندیان بەکەسانی دیکەوە ڕون دەکەنەوە.(نەریمان خۆشناو، ٢٠١١، ١٤٥). لەزمانی کوردی شێوەزاری ناوەڕاستدا یەک دەستە جێناوی سەربەخۆ هەیە کە بەتەنها بەکاردێن و واتایان هەیە و ژمارەیان شەش دانەیە. کە ئەمانەن:(من_ئێمە، تۆ_ئێوە، ئەو_ئەوان-).

### ب- جێناوی کەسی لکاو:

ئەو جۆرە جێناوانە دەگرێتەوە کە بە شێوەیەک لەشێوەکان خۆیان دەلکێنن بە وشەیەک لە وشەکانی ڕستەوە. واتە بەبێ بونی وشەکانی [illegible] لەپاش لکاندنیان بە وشەکەوە ئەرک و واتای ڕێزمانی وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لەم جێناوانە ئاماژەیان تێدایە بۆ کەس، تاک، کۆ.(وریا عمر ئەمین،٢٠٠٥، ٩٢) لە زمانی کوردیدا دو دەستە جێناوی لکاو بەرچاو دەکەوێت:

#### ١_دەستەی ڕێککەوتن:

ئەم دەستەیە پێکهاتوە لە شەش جێناو، جگە لە هەندێ حاڵەتی تایبەتی بۆ کەسی سێ یەمی تاک، ئەم دەستەیە ناودەبرێ بە دەستەی ڕێککەوتن چونکە زیاتر لەگەڵ کاردا ڕێک دەکەون و ئەرکی ناوەکان وەردەگرن، زیاتریش لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا دەبنە بکەر.(وریا عمر ئەمین،٢٠٠٥، ٩٢)

جێناوەکانیش ئەمانەن:( م_ین، ی/یت_ن، ¢ /ات/ێت/ت_ن)

## ٢_دەستەی خاوەنێتی:

ئەم دەستەیەش پێکهاتوە لە شەش جێناو، هەمو ئەرکەکانی ناو وەردەگرن زیاتر بەناوەوە دەلکێن و خاوەنێتی پێکدێنن، بۆیە بە دەستەی خاوەنێتی ناسراوە. ئەم جێناوانە زیاتر لەگەڵ کاری تێپەڕدا بەکاردێن.(هەمان سەرچاوە،٩٢)جێناوەکانیش (م_ مان، ت_ تان، ی_ یان)

### ١-٢/٣/١_ جێناوی هەبی:

جۆرێکە لە جێناو لەڕوی واتاوە واتای خاوەنێتی دەگەیەنێت و خاوەنەکەشی دەشێ ناو یان جێناو بێت، لەناو ڕستەدا ئەرکی ناوەکە یان جێناوەکەی پێ دەسپێردرێت. جێناوی هەبیش وەکو(هی، هین).

نمونە: ئەم ئۆتۆمبێلە هی مانی یە.

### ٣/٣/١_جێناوی خۆیی:

ئەم جۆرەش لە جێناو واتای خاوەنیەتی دەگەیەنێت. (فۆرمەکانی جێناوی خۆیی پێکهاتون لە(خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان)(ئەمیر محمد محمد ئەمین،٢٠١٦، ٦٦).ئەم جۆرە جێناوە جێناوی دەستەی دوەمی دەچێتەسەر،(ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤، ٢٥٠)، وەک:

خۆمانین. کاتێک (خۆ) جێناوی لکاوی دەچێتە سەر چ لەپێش و چ لە پاش جێناوەکەوە دەتوانێ مۆرفیمی (ش/یش) وەر بگرێ.(هەمان سەرچاوە، ٢٥٢). وەک: خۆشم، خۆشمان، خۆتیش،...

### ٤/٣/١_جێناوی پرسیار:

ئەم جۆرە جێناوە بۆ مەبەستی پرسیارکردن لە کەس و شت و ژمارە بەکاردێت ، فۆرمەکانی جێناوی پرسیار پێکهاتون لە(بۆ، چ،بۆچی، چۆن، ئایا، کەی، چەند، چی، کێ، کامە، کوا، لەبەرچی، کوانێ، کامە....هتد)

### ٥/٣/١_جێناوی دیار:

فۆرمەکانی جێناوی دیار پێکهاتون لە(هەر، هەرکەس، هەموکەس، هەرشت، گشت، هەموشت، سەرو، هەریەک، هەرکەسێک، هەرکامێک، تەواو، هەمو،.....)٢

### ٦/٣/١_جێناوی نادیار:

ئەو جێناوانە دەگرێتەوە کە لەبری ناوی کەسێک یان گیاندارێک یان هەرشتێکی تر بەکاردێت، بەڵام ئەم ناوانە بە ئاشکرایی دیار نییە کە کێیە و چیە، بە واتایەکی تر بەو جێناوانە دەوترێت کە لەبری کەسێک یان شتێکی نادیار بێت.(نەریمان عبداللە خۆشناو،٢٠١١، ٧٠)وەکو(هیچکەس، هەرکەسێک، فلان، هەمو، یەکێ، کەسێ.....هتد).

### ٧/٣/١_جێناوی چەندێتی:

لەزمانی کوردیدا کۆمەڵێک وشە هەن، کە بۆ مەبەستی گەیاندنی مانای چەندێتی بەکاردێن و دەکرێ بەجێناوی چەندێتی ناو ببرێن.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤، ٢٨٧) وەکو(چەند، چەندە، ئەوەندە، ئەمەندە، هێندە،....).

٨/٣/١_جێناوی هاوبەشی:

ئەو جێناوەیە کە هاوبەشی لەنێوان دو کەس یان دوشت دروست دەکات.(نەریمان عبداللە خۆشناو،٢٠١١، ٧١). لەزمانی کوردیدا وشەی (یەکتر) جێناوی هاوبەشی هەرەدیار و چالاکە، ئەم جێناوە لە ژمارەی (یەک) و مۆرفیمی(تر) دروست بوە.

منداڵەکان لەگەڵ یەکترشەڕیان دەکرد.

### ٩/٣/١_جێناوی نەرێ:

لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی سەرەکی(هیچ، چ) وەک جێناوی نەرێ بەکار دێن و زۆر جاریش وشەی(کەس/ کەسێ، شت/شتێک، یەک/یەکێ/یەکێک) یان ـلەگەڵدا دێت.

(١)(٢)بۆ زانیاری زیاتر لەسەر فۆرمەکانی جێناوی پرسیارو جێناوی دیار، بڕوانە ئەمیر محمد محمد ئەمین، ٢٠١٦، ٦٦-٦٧)

### ١٠/٣/١_جێناوینیشانە:

جێناوی نیشانە ئەو جێناوانەن جگە لەوەی جێی ناوێ یان شتێ ئەگرن، ئیشارەتیشیان پێ ئەکرێتە ناوەکە یان شتەکە(نوری علی ئەمین، ٢٠١٣، ١٠٦). لەزمانی کوردیدا(ئەم/ئەمە، ئەمان/ئەمانە) و (ئەو/ئەوە، ئەوان/ئەوانە) جێناوی نیشانەن، کۆمەڵی یەکەمیان واتە(ئەم/ئەمە- ئەمان/ ئەمانە) بۆ نزیک و کۆمەڵی دوەمیان واتە(ئەو/ئەوە/ ئەوان/ئەوانە) بۆ دور بەکاردێن. هەرچی (ئەم/ئەمە)ی کۆمەڵی یەکەم و (ئەو/ئەوە)ی کۆمەڵی دوەم تاکن و بەیاریدەی (ان)ی کۆ بونەتە(ئەمان/ئەمانە) و (ئەوان/ئەوانە) و جێناوی نیشانەی کۆ ساز بوە. نمونە:

ئەم پێنوسەم ناوێ، ئەوەیانم دەوێت.

لەم نمونەیەی سەرەوەدا جێناوی نیشانەی(ئەم) ئاماژەی بۆ ناوی پێنوس کردوە، جێناوی نیشانەی(ئەوە) ئاماژەی بۆ ناوی پێنوسێکی تر کردوە و لەجیاتی پێنوسەکە بەکار هاتوە.

## ٤/١_تایبەتییەکانی جێناوی نیشانە لە زمانی کوردیدا:

١-جێناوەکانی نیشانە وێڕای نزیکی شێوەیان لەگەڵ جێناوەکانی نیشانەی ئەو زمانانەی خزمایەتیان لەگەڵیان هەیە، لەڕوی بەکارهێنانیشەوە زۆر لەیەک دەچن(ئەوڕەحمانی حاجی مارف،٢٠١٤، ٢٥٨).

٢-فۆرمی (ئەم، ئەو – ئەمان، ئەوان) هەمو کاتێک بەتەنها بەکار ناهێنرێن، بەڵکو هەندێک جار (ش/یش) دێتە سەریان.

ئەمەشم دەوێت. منیش دێم.

٣-جێناو لەڕستەدا شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، بۆنمونە (ئەم و ئەو) لەپلەی یەکەمدا دێن.وەک:

ئەم/ئەو خوێندکارە زیرەکە.

ناوترێ: خوێندکار ئەم/ئەو زیرەکە.*

لێرەدا بەگۆڕینی شوێنی جێناوەکە ڕستەکە نارێزمانی و واتا نادروستە.

٤-تایبەتێتی جێناوی نیشانەی(ئەم/ئەمە، ئەو/ئەوە) لەوەدایە کە خاوەنی ژمارەن، ئەم تایبەتێتی ژمارەیەش تەنیا لەو حاڵەتەدا نییە کەجێناون، بەڵکو لەو حاڵەتانەشدا هەیە کە وەکو ئاوەڵناو بەدەردەکەون.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤، ٤٢)

ئەم پیاوە. ئەمان پیاون.

(ئەم) لێرەدا واتای ژمارەی گەیاندوە کە مەبەستی لە یەک پیاوە، (ئەمان)یش واتای ژمارەی گەیاندوە کە دەکرێت مەبەست لە دوپیاو یا زیاتر بێت.

٥-لەناو جێناوەکانی نیشانەدا بەتایبەتی(ئەم) لەپێکهێنانی وشەی لێکدراودا سەرنج ڕادەکێشێ.وەک:

ئەمسالْ، ئەمرۆ، ئەمشەو، ئەم بەیانیە،...

٦-کاتێک دەوترێت(بەم، لەم،بەمە، لەمە، بەمانە، لەمانە)؛ (بەو، لەو، بەوە، لەوە، بەوانە، لەوانە)، ئەسڵەکەیان(بەئەم، لەئەم، بەئەمە، لەئەمە، بەئەمانە، لەئەمانە):(بەئەو، لەئەو، بەئەوە، لەئەوە، بەئەوانە، لەئەمانە) بووە و(ئە/هـ)کەی سەرەتایان تێ چوە.

٧-جێناوی نیشانە دەتوانێت جێناوی لکاو وەربگرێت.

ئەم کتێبەم ناوێت، ئەوەیانم دەوێت.

دەبینین جێناوی نیشانەی(ئەوە) دو جێناوی لکاوی(ئەوەیانم) چوەتە سەر.

٨-کاتێک جێناوەکانی نیشانەی(ئەمانە، ئەوانە) کاتێک لە ڕستەیەکدا بەکاردێن، وشەیەک یان ناوێک لە گەڵیاندا بێت، مۆرفیمی (ان) و (ە) لە جێناوەکەوە دەچێتە سەر وشەکە.وەک:

ئەمانە هاتن.     ئەم خوێندکارانە هاتن.

دەبینین (ان، ە) ی جێناوەکە چوەتە سەر ناوی خوێندکار.

٩-لەزمانی کوردی شێوەزاری ناوەڕاستدا جێناوی نیشانە بۆ ڕەگەزی نێر و مێ هەمان فۆرمی هەیە.

ئەوهات.     (ئەو) دەکرێت کچ بێت و دەکرێت کوڕێک بێت.

### ٥/١_ئەرکەکانی جێناوی نیشانە لەزمانی کوردیدا:

١-دەبێتە بکەر:     ئەو بەخێرایی هات.

٢-دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆ:     من ئەوم بینی.

٣-دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ:     دەرگاکەم بۆ ئەوان کردەوە.

٤-دەبێتە تەواوکەری کرداری تەواو:     لەم گوڵانە، ئەمەیان ئاوبدە.

٥-دەبێتە تەواوکەری کرداری ناتەواو:     ئەوان بون بە پارێزەر.

٦-دەبێتە دیارخەر:     خانوەکەی ئەم، لە خانوەکەی ئەوان گەورەترە.

٧-جێناوی نیشانە هەندێک جار ڕۆڵی جێناوی سەربەخۆ دەبینێت: ئەوانە بۆکوێ دەڕۆن؟

٨-جێناوی نیشانە لەهەمان کاتدا ئەرکی ئاوەڵناویش دەبینێت:

ئەوە کێ یە؟     جێناوی نیشانە

ئەم کوڕە کێ یە؟   ئاوەڵناوی نیشانە

## بەشی دوەم: اسم اشاره در زبان فارسی_جێناوی نیشانە لە زمانی فارسیدا:

جێناو وشەیەکە کە شوێنی ناو یان فرێزی ناوی دەگرێتەوە یان ئیشارەت دەکات بۆ کەسێک یان شتێک لە جیهانی دەرەوەدا.(حسن انوری و حسن احمدی،١٣٩٣: ١٩٢). جێناوەکان ئەو وشانەن کە لەشوێنی ناو دادەنیشن و ڕۆڵە جیاوازەکانی ناو دەبینن.(حسن انوری و حسن گیوی،١٣٩٠: ١٣٨)

### ١/٢_اقسام ضمیر در زبان فارسی_جۆرەکانی جێناو لە زمانی فارسیدا:

زمانەوانان و شارەزایانی زمانی فارسی بەچەند جۆرێک جۆرەکانی جێناویان دەست نیشان کردوە، لێرەدا ئەو جۆرانە دەخەینە ڕو:

### ١/١/٢_ضمیر شخصی_جێناوی کەسی:

جێناوە کەسیەکان ئەو جێناوانەن کە دەلالەت لە کەسەکان دەکەن. جێناوی کەسی دو جۆرە:

#### أ-ضمیر شخصی منفصل/جدا_ جێناوی کەسی سەربەخۆ:

ئەو جێناوەیە کە بە وشەی پێش خۆیەوە نەلکێت و بەتەنهایی بەکاربێت و سەربەخۆیی لەدەربڕین و واتادا هەبێت.(حسن انوری و حسن گیوی،١٣٩٣: ١٩٣).

جێناوە سەربەخۆکان لەزمانی فارسدا شەش دەستەن:(من_ما، تو_شما، او_ایشان/آنها).

#### ب-ضمیر متصل/پیوستە_جێناوی لکاو:

ئەو جێناوانەن کە بە وشەی پێش خۆیانەوە دەلکێن و بەتەنها واتایان نیە(حسن انوری و حسن گیوی،١٣٩٠: ١٣٨).ناوانەن کە ناتوانرێت لەسەرەتای ڕستەوە بێن، بەڵام جێناوی سەربەخۆ دەتوانرێت لەسەرەتای ڕستەوە بێن.(محمد جواد شریعت،١٣٨٤: ٨٢) لە زمانی فارسیدا جێناوی لکاو دو دەستەن:

#### أ-ضمائر متصل فاعلی_ جێناوی لکاوی بکەری:

ئەم جێناوانە دەگرێتەوە: (م_ یم، ی_ ید، د_ ند)

ب-ضمائر متصل مفعولی_جێناوی لکاوی بەرکاری:

ئەم جێناوانە دەگرێتەوە (م_مان، ت_تان، ش_ شان)

### ٢/١/٢_ضمیر مشترک_جێناوی هاوبەش:

جێناوی هاوبەش هەر سێ وشەی (خود_خۆ) و (خویش)و (خویشتن)ن، هەرسێکیان لەجێی هەر شەش کەسەکە دێن ، یەکەمیان واتە(خود) زیاتر بەکاردەهێنرێت، ئەوانی تر(خویش و خویشتن) لە زمانی شعرو ئەدەبدا زیاتر بەکاردێن. (حسن انوری و حسن گیوی،١٣٩٠: ١٤١). وشەکانی(خویش و خویشتن) یش جێناوی هاوبەشن و لە(خود) ەوە هاتون.وەک:

من خود آمدم. من خۆم هاتم.

### ٣/١/٢_ضمیر مبهم_ جێناوی نادیار:

جێناوی نادیار ئەو جێناوانەن کە بەکەسێک یان شتێکی نادیار ئیشارەت دەکەن، کاتێک کە بەتەنها و بەبێ ناو بەکاردێن، ئەوانیش(همه، هیچ، یکی، دیگری، دیگران، یکی دیگر، کسی، هرکس، هرکه، هرچه، فلان، بهمان، این و آن، خیلی، کمی، قدری، بعضی، برخی،چند، چندی،.. (هەمان سەرچاوە: ١٣٨).

من خیلی خسته شده‌ام باید کمی بخوابم.   من زۆر ماندو بوم پێویستە کەمێک بخەوم.

### ٤/١/٢_ضمیر پرسشی_جێناوی پرسیاری:

جێناوەکانی پرسیار هەمان وشەپرسەکانن کە ئەگەر لەگەڵ ناودا بێن ئاوەڵناوی پرسیاری و ئەگەریش بەتەنها بێن جێناوی پرسیارن. دیارترین جێناوە پرسەکانیش ئەمانەن(که، چه، کدام، کدامین،

کدامی، کی، کجا، کو، چگونه، چطور، چسان، چه جور، چند، چندم، چندمی، چقدر..

چقدر خسته‌ام. چه‌نێ ماندوم.

## ٥/١/٢_ضمیر تعجبی_جێناوی سه‌رسوڕمان:

وشه‌کانی (چه، عجب، چقدر) کاتێک به‌ته‌نها بێن و ناویان له‌گه‌ڵدا نه‌بێت، واتای سه‌رسوڕمان ده‌گه‌یه‌نن.

به به چه از این بهتر! به‌ه به‌ه چی له‌مه باشتر!

## ٦/١/٢_ضمیر دوسویه_دوسه‌ره/دوڕوه:

جێناوی دوسویه له زمانی فارسیدا ئه‌وه‌یه که دو جێناو به‌سه‌ر یه‌که‌وه به‌کاردێت(هم دیگر، هم دگر، یک دیگر)ن.

ما هم دیگر را دوست داریم. ئێمه یه‌کترمان خۆشده‌وێت.

## ٧/١/٢_ضمیر گزینشی_جێناوی هه‌ڵبژارده:

ئه‌و جێناوه‌یه که بۆئه‌ندامێک به‌ته‌نها له کۆمه‌ڵه‌یه‌کی ناسراودا ( که له ئاخاوتندا دیار نییه مه‌به‌ست له کام ئه‌ندامه) ئاماژه ده‌کات. ژماره‌ی (یک) له‌گه‌ڵ جێناوی پرسیاری(کدام) ده‌بنه ضمیر گزینشی(نوید فاضل،١٣٩٢: ١٨٠).وه‌ک:

یک کدام به مادرتان کمک کنید. یه‌کێکتان یارمه‌تی دایکتان بده‌ن.

## ٨/١/٢_ضمیر کمیت_جێناوی چه‌ندی:

جێناوی چه‌ندی له زمانی فارسیدا (چندین، این همه، آن همه، آن چند،....).

چندین بار گفتم اما گوش نکردی. چه‌ندینجار وتم به‌ڵام گوێت نه‌گرت.

## ٩/١/٢_ضمیر اشاره_جێناوی نیشانه:

له‌زمانی فارسیدا زاراوه‌ی(اسم اشاره، ضمیر اشاره) بۆ جێناوی نیشانه به‌کارده‌هێنرێت. جێناوی نیشانه جێناوێکه بۆ ئاماژه‌کردن به‌کاردێت و جێناوه‌کانیش ئه‌مانه‌ن(این-ئه‌مه، آن-ئه‌وه، اینها-ئه‌مانه، آنها- ئه‌وانه).((ئه‌گه‌ر هه‌ردو وشه‌ی(این و آن) بتوانن مۆرفیمی کۆ وه‌ر بگرن ئه‌وه ده‌بنه جێناوی نیشانه)).(محمد جواد شریعت، ١٣٨٤: ٨٧).

دیارترین جێناوه‌کانی نیشانه(این، آن، همین، همان، چنین، چنان، این چنین، آن چنان، همچنین، همچنان، این سان، آن گونه، این طور، این قدر، آن اندازه، آن قدر، همان اندازه، این همه، آن همه، این یکی، آن یکی، این یک، آن یک، آن دیگری، آن دیگر.(حسن انوری و حسن گیوی،١٣٩٣: ١٩٧) وه‌ک:

این از آن بهتر است. ئه‌مه له‌وه باشتره.

اینها از آنها بهترند. ئه‌مانه له‌وانه باشترن.

ئه‌گه‌ر ناویان له‌گه‌ڵدا بێت و نه‌توانین کۆیان بکه‌ینه‌وه ده‌بنه ئاوه‌ڵناوی نیشانه.

این کتاب از آن کتاب بهتر است.

لێره‌دا این و آن ئاوه‌ڵناوی نیشانه‌ن چونکه ناوترێ: اینها کتاب از آنها کتاب بهترند.

## ٢/٢_تایبه‌تییه‌کانی جێناوی نیشانه له‌زمانی فارسیدا:

١-جێناوی نیشانه مۆرفیمی تاک و کۆ وه‌رده‌گرن، به‌ڵام ئاوه‌ڵناوی نیشانه وه‌ری ناگرێت.

٢-جێناوی نیشانه ناوی له‌گه‌ڵدا نایه‌ت، به‌ڵام ئاوه‌ڵناوی نیشانه ناو له‌گه‌ڵ جێناوه‌که‌دا دێت.

٣- جێناوی (اینان و اینها) کۆکراوه‌ی جێناوی (این)ه، (آنان و آنها) کۆکراوه‌ی جێناوی(آن)ه. (اینان و آنان) بۆ ئیشاره‌ت کردن به‌مرۆڤ به‌کاردێت، (اینها و آنها) بۆ ئیشاره‌ت کردن بۆ مرۆڤ و غه‌یری مرۆڤیش به‌کاردێت(محمد جواد شریعت، ١٣٨٤: ٨٧).

٤- جێناوی نیشانه‌ی(این و آن) ئه‌گه‌ر حرفی اضافه‌ی(ب) وه‌ربگرن، ئه‌وه به‌شێوه‌ی( بدین و بدان) به‌کاردێن(حسن انوری و حسن گیوی،١٣٩٣: ١٩٧)

این حرف را بدان جهت گفتم تا سوء تفاهمی پیش نیاد.

ئه‌م قسه بزانه تا هه‌ڵه تێگه‌یشتنێک ڕونه‌دات.

٥-جێناوی نیشانه‌ی(این و آن) بۆ مۆرفیمی (آن) ده‌کرێنه کۆ، به‌ڵام له زمانی ئاخاوتنی ئێستادا زۆری ئه‌م یاسایه په‌یڕه‌و ناکرێت و به‌مۆرفیمی(ها) ده‌کرێنه کۆ جا بۆ مرۆڤ بێت یا غیری مرۆڤ.(هه‌مان سه‌رچاوه:١٩٨) اینها، آنها.

٦-(این و آن) و (چنین و چنان) مبهم مرکب- نادیاری لێکدراون.(محمد جواد شریعت، ١٣٨٤: ٨٧).وه‌ک:

این و آن پشت سر تو حرف می زنند. ئه‌م و ئه‌و له پشته‌سه‌رت قسه ده‌ڵێن.

این و آن، جێناوی لێکدراوی نادیارین و بکه‌ری ڕسته‌که‌ن.

٧-این و آن) کاتێک (هم) ده‌چێته سه‌ریان به‌شێوه‌ی (همین و همان) به‌کاردێن.

همین را می گفتم. هه‌ر ئه‌وه‌م ده‌وت.

همانی که دیروز گفته‌بودم خریده‌ام. ئه‌وانه‌ی که دوێنێ گوتبوم کڕیم.

٨_له‌زمانی فارسیدا جێناوی نیشانه بۆ ڕه‌گه‌زی نێر و مێ هه‌مان فۆرمی هه‌یه.

این بود حرف مزد. (این) ده‌کرێ نێربێت یان مێ.

## ٣/٢_ئه‌رکه‌کانی جێناوی نیشانه له‌زمانی فارسیدا:

١-نهاد_بکه‌ر: تاک بن یان کۆ ئه‌م ڕۆڵه ده‌بینن:

اینها پیش پیش پول می دهند. ئه‌مانه یه‌کسه‌ر پاره ده‌ده‌ن.

٢-مفعولی_به‌رکار: آن را بیاور. ئه‌مه بێنه.

٣-متممی-ته‌واوکه‌ر: یکی از آنها اینجا آمده بود. یه‌کێک له‌وانه بۆ ئێره هاتبو.

٤-وصفی_ئاوه‌ڵناو: این میوه از آن باغ است. ئه‌م میوه له‌و باخه‌یه.

٥-قیدی_ئاوه‌ڵکردار: این قدر خودت را نخور. ئه‌وه‌نده خۆت مه‌خۆره‌وه.

٦-مسندی_گوزاره: جزای بدی همین است. وه‌ڵامی خراپه هه‌رئه‌مه‌یه.

٧- مضاف الیه_دیارخراو: اینها دو برادرند شغل این یکی، رانندگی است: ولی شغل آن یکی خبر ندارم. ئه‌مانه دو بران، پیشه‌ی یه‌کێکیان شۆفێرییه: به‌ڵام پیشه‌ی ئه‌وی تریان نازانم.

## ٤/٢_لایەنی لێکچون و جیاوازی جێناو لە زمانی کوردی و فارسدا:

### ١/٤/٢_جێناو:

لە هەردو زمانی زمانی کوردی و فارسدا جێناو وشەیەکی ڕێزمانیە کە دەتوانرێت بەکاربێت لە جیاتی ناوێک یان فرێزێکی ناوی، واتە جێناو وەکو وشەیەکی ئەرکی لەشوێنی ناوێک یان فرێزێکی ناوی بەکار دەهێنرێت.

### ٢/٤/٢_جۆرەکانی جێناو:

هەمان ئەو جۆرانەی جێناو لە زمانی کوردیدا دەست نیشان کراوە لە زمانی فارسیشدا هەیە جگە لە جێناوی (هەیی و خۆیی و دیار و نەرێ)ی زمانی کوردی لە زمانی فارسدا دەستنیشان نەکراوە و هەروەها جێناوی(تعجبی، دوسوی، گزینشی)ی زمانی فارسی لەزمانی کوردیدا دەستنیشان نەکراوە.

#### ١_جێناوی هەیی لە زمانی کوردیدا:

جۆرێکە لە جێناو لەڕوی واتاوە واتای خاوەنێتی دەگەیەنێت و خاوەنەکەشی دەشێ ناو یان جێناو بێت، جێناوی هەییش وەکو (هی، هین).

بەڵام لە زمانی فارسدا ئەم جێناوە نەک هەر ئاماژەی بۆ نەکراوە بەڵکو بونی نییە.

#### ٢_جێناوی دیار لەزمانی کوردیدا:

فۆرمەکانی جێناوی دیار پێکهاتون لە(هەر، هەرکەس، هەموکەس، هەرشت، گشت، هەموشت، سەرو، هەریەک، هەرکەسێک، هەرکامێک، تەواو، هەمو،.....)

هەمو ئەم جێناوانە لە زمانی فارسدا هەیە بەڵام وەکو زمانی کوردی بە جێناوی دیار دانەنراون، بەڵکو لەگەڵ جێناوە نادیارەکاندا بەهەردوکی بەجێناوی نادیار دانراون لە زمانی فارسدا. جێناوی نادیارلەزمانی فارسدا ئەمانەن (همە، هیچ، یکی، دیگری، دیگران، یکی دیگر، کسی، هرکس، هرکە، هرچە، فلان، بهمان، این و آن، خیلی، کمی، قدری، بعضی، برخی،چند، چندی،..

#### ٣_جێناوی نەرێ لە زمانی کوردیدا:

لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی سەرەکی(هیچ، چ) وەک جێناوی نەرێ بەکار دێن و زۆر جاریش وشەی(کەس/ کەسێ، شت/شتێک، یەک/یەکێ/یەکێک) یان لەگەڵدا دێت. ئەم جۆرەی جێناوی نەرێ لەزمانی کوردیدا بەتایبەتی(هیچ) لەزمانی فارسدا بەجێناوی نادیار دانراوە و (چ) بە جێناوی تعجب سەرسوڕمان دانراوە، واتە جێناوی نەرێ لەم زمانەدا دەست نیشان نەکراوە.

#### ٤_جێناوی خۆیی:

لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرەش لە جێناو واتای خاوەنیەتی دەگەیەنێت. (فۆرمەکانی جێناوی خۆیی پێکهاتون لە(خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان). بەڵام جێناوی خۆیی زمانی کوردی لە زمانی فارسدا بە جێناوی مشترک_هاوبەش دانراوە. جێناوی هاوبەش هەر سێ وشەی (خود_خۆ) و (خویش)و (خویشتن)ن، هەرسێکیان لەجێی هەرشەش کەسەکە دێن ، یەکەمیان واتە(خود) زیاتر بەکاردەهێنرێت، ئەوانی تر(خویش و خویشتن) لە زمانی شعرو ئەدەبدا زیاتر بەکاردێن وشەکانی(خویش و خویشتن) یش جێناوی هاوبەشن و لە(خود) ەوە هاتون.وەک:

من خود آمدم. من خۆم هاتم

هەروەها لایەنێکی تری جیاوازی ئەم دو جۆرە جێناوە ئەوەیە لە زمانی کوردیدا جێناوی(خۆ) ئەگەر دەوری بکەر یان بەرکار بێت لەڕستەدا ئەوا جێناوی لکاوی دەستەی(م-مان) دەچێتە وەر دەگرێت، بەڵام لە زمانی فارسدا جێناوەکە دەچێتە سەر کردار.

#### ٥_جێناوی هاوبەشی لە زمانی کوردیدا:

لەزمانی کوردیدا وشەی (یەکتر) جێناوی هاوبەشی هەرەدیار و چالاکە، ئەم جێناوە لە ژمارەی (یەک) و مۆرفیمی(تر) دروست بوە. منداڵەکان لەگەڵ یەکترشەریان دەکرد.

#### ٦_ضمیرگزینشی_جێناوی هەڵبژاردە لە زمانی فارسدا:

ئەو جێناوەیە کە بۆئەندامێک بەتەنها لە کۆمەڵەیەکی ناسراودا ( کە لە ئاخاوتندا دیار نییە مەبەست لە کام ئەندامە) ئاماژە دەکات. ژمارەی (یک) لەگەڵ جێناوی پرسیاری(کدام) دەبنە ضمیر گزینشی.وەک:

یک کدام بە مادرتان کمک کنید. یەکێکتان یارمەتی دایکتان بدەن.

بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە جێناوە دەستنیشان نەکراوە، بەڵام دەکرێت بڵێین جێناوی(یەکێک) دەتوانرێت وەکو جێناوی هەڵبژێردراوی زمانی فارسی لەزمانی کوردیدا بەکاربێت.

#### ٧_ضمیرتعجبی_جێناوی سەرسوڕمان لەزمانی فارسدا:

وشەکانی (چە، عجب، چقدر) کاتێک بەتەنها بێن و ناویان لەگەڵدا نەبێت، واتای سەرسوڕمان دەگەیەنن.

بە بە چە از این بهتر! بەه بەه چی لەمە باشترە!

لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە جێناوە نیە.

#### ٨_ضمیردوسویە_دوسەرە/دوڕوە لە زمانی فارسدا:

جێناوی دوسویە لە زمانی فارسدا ئەوەیە کە دو جێناو بەسەر یەکەوە بەکاردێت(هم دیگر، هم دگر، یک دیگر)ن.

ما هم دیگر را دوست داریم. ئێمە یەکترمان خۆشدەوێت.

ئەم جۆرە جێناوەی زمانی فارسی لە زمانی کوردیدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵام جێناوی(یەکتر) دەتوانێت وەکو ئەم جێناوەی زمانی فارسی بەکار بهێنرێت وهەمان واتای هەیە.

#### ٩_ضمیرپرسشی_جێناوی پرسیاری:

لەزمانی فارسدا دیارترین جێناوە پرسەکانیش ئەمانەن(آیا، کە، چە، کدام، کدامین، کدامی، کی، کجا، کو، چگونە، چطور، چسان، چەجور، چند، چندم، چندمی، چقدر.) هەمان ئەو جێناوە پرسیارانەی زمانی فارسی، لەزمانی کوردیدا هەیە و بە هەمان واتا بەکاردێت. (بۆ، چ،بۆچی، چۆن، ئایا، کەی، چەند، چی، کێ، کامە، کوا، لەبەرچی، کوانێ، کامە...).

#### ١٠_جێناوی کەسی:

لە زمانی کوردی و فارسدا یەک دەستە جێناوی سەربەخۆ و دو دەستە لکاو هەیە. جێناوە سەربەخۆکانی زمانی کوردی بریتین

له(من-ئێمه، تۆ-ئێوه، ئەو-ئەوان)، جێناوه سەربەخۆکانی زمانی فارسیش(من-ما، تو-شما، او-ایشان/آنها)، جێناوەکانی تاک له هەردو زماندا (من-من، تۆ-تو،ئەو- او) تاڕادەیەک له نوسیندا لەیەک دەچن، بەڵام شێوازی دەربڕینیان جیاوازە و له زمانی فارسیدا بەم شێوەیە دەردەبڕدرێن( مەن،تۆ، ئو)، جێناوەکانی کۆ(ئێمە-ما، ئێوه-شما، ئەوان-ایشان/آنها) هەم له نوسین و هەم شێوازی دەربڕین جیاوازن.

لەهەردو زماندا دو دەسته جێناوی لکاو هەیە، له زمانی کوردیدا هەردو دەستەکە ئەرکی بکەری و بەرکاری دەبینن دەستەی(م-مان، ت-تان، ی-یان) به دەستەی خاوەنێتی ناسراوە، دەستەی(م-ین، ی/یت-ن، ات/ێت/ە-ن) به دەستەی ڕێککەوتن دادەنرێت، بەڵام له زمانی فارسیدا دەستەی(م-یم، ی-ید، د-ند) هەمیشە ئەرکی بکەر دەبینن و دەستەی(م-مان، ت-تان، ش-شان) هەمیشە ئەرکی بەرکار دەبینن.

## ١١_جێناوی نیشانه:

١_لەزمانی کوردیدا(ئەم/ئەمە- ئەمان/ئەمانە) و (ئەو/ئەوە/ئەوان/ئەوانە) جێناوی نیشانەن، کۆمەڵی یەکەمیان واته(ئەم/ئەمە-ئەمان/ ئەمانە) بۆ نزیک و کۆمەڵی دوەمیان واته(ئەو/ئەوە/ئەوان/ئەوانە) بۆ دور بەکاردێن. بەهەمان شێوه لەزمانی فارسیدا جێناوی نیشانە( این-ئەمە، آن-ئەوە، اینها-ئەمانە، آنها- ئەوانە). ئەگەر هەردو وشەی(این و آن) بتوانن مۆرفیمی کۆ وەر بگرن ئەوە دەبنە جێناوی نیشانە.( این-ئەمە، آن-ئەوە) بۆ نزیک و (اینها-ئەمانە، آنها- ئەوانە) بۆ دور بەکار دێن.

٢_له هەردو زماندا ئەگەر جێناوەکانی نیشانه ناویان لەگەڵدا هات ئەوکاته دەبنە ئاوەڵناوی نیشانه. وەک:

ئەم کتێبە لەوکتێبە باشترە.    این کتاب از آن کتاب بهتر است.

لێرەدا(ئەم ، لەو) و(این، آن) ئاوەڵناوی نیشانەن.

٣_له هەردو زماندا جێناوی نیشانه مۆرفیمی تاک و کۆ وەردەگرن، بەڵام کاتێک دەبنە ئاوەڵناوی نیشانه مۆرفیمی تاک و کۆ وەر ناگرێت.

٤_لەزمانی فارسیدا جێناوی نیشانەی(این و آن) بۆ مۆرفیمی (ان) دەکرێنە کۆ، بەڵام له زمانی ئاخاوتنی ئێستادا زۆری ئەم یاسایە پەیڕەو ناکرێت و بەمۆرفیمی(ها) دەکرێنە کۆ جا بۆ مرۆڤ بێت یا غیری مرۆڤ، واته دەبنە اینها، آنها ، بەڵام لەزمانی کوردیدا جێناوەکانی نیشانە( ئەمە، ئەوە) تەنها بەمۆرفیمی(ان) دەکرینە کۆ واته مۆرفیمی (ها) ناچێتە سەریان.

٥_لەزمانی کوردیدا فۆرمی (ئەم، ئەو – ئەمان، ئەوان) هەموکاتێک بەتەنها بەکار ناهێنرێن، بەڵکو هەندێک جار(ش/یش) دێتە سەریان.

ئەمەشم دەوێت.    منیش دێم.

بەڵام لەزمانی فارسیدا جێناوی نیشانە(ش/یش) وەر ناگرێت.

٦_کاتێک جێناوەکانی نیشانەی(ئەمانە، ئەوانە) کاتێک له ڕستەیەکدا بەکاردێن، وشەیەک یان ناوێک له گەڵیاندا بێت، مۆرفیمی (ان) و(ە) له جێناوەکەوە دەچێتە سەر وشەکە.وەک:

ئەمانە هاتن.    ئەم خوێندکارانە هاتن.

دەبینین (ان، ە) ی جێناوەکە چوەتە سەر ناوی خوێندکار.

بۆ جێناوەکانی(اینها و آنها) ی زمانی فارسیش بەهەمان شێوەیە.

اینها آمدند.    این بچەها آمدند.

٧_لەزمانی کوردی زاری ناوەڕاستدا جێناوی نیشانه بۆ ڕەگەزی نێر و مێ هەمان فۆرمی هەیە و بۆ زمانی فارسیش بەهەمان شێوەیە.

ئەوهات.    (ئەو) دەکرێت کچ بێت و دەکرێت کوڕێک بێت.

این و آن) کاتێک (هم) دەچێتە سەریان بەشێوەی (همین و همان) بەکاردێن، بەڵام لەزمانی کوردیدا (ئەمە و ئەوە) (هەر) بۆ دڵنیاکردنەوە دەچێتە سەر ئەوە.

همین را می گفتم.   هەر ئەوەم دەوت.

## ٣/٤/٢_لێکچون و جیاوازی ئەرکی جێناوی نیشانه لەزمانی کوردی وفارسیدا:

١_له هەردو زمانی کوردی و فارسیدا جێناوی نیشانه ئەرکی(بکەر) دەبینن:

اینها پیش پول می دهند.  ئەمانە یەکسەر پارە دەدەن.

ئەو بەخێرایی هات.

٢_له هەردو زمانی کوردی و فارسیدا جێناوی نیشانه ئەرکی(بەرکار) دەبینن:

من ئەوم بینی.    آن را بیاور.   ئەوە بێنە.

٣_له هەردو زمانی کوردی و فارسیدا جێناوی نیشانه ئەرکی(بەرکاری ناڕاستەوخۆ) دەبینن ئەم ئەرکەش لەزمانی فارسیدا پێی دەوترێت(متمم_تەواوکەر):

دەرگاکەم بۆ ئەوان کردەوە

یکی از آنها اینجا آمده بود.   یەکێک لەوانە بۆ ئێرە هاتبو.

٤_ له هەردو زمانی کوردی و فارسیدا جێناوی نیشانه ئەرکی( ئاوەڵناو) دەبینن:

ئەم کوڕە کێ یە؟  ئاوەڵناوی نیشانه

این میوه از آن باغ است.   ئەم میوە لەوباخەیە.

٥_لەهەردو زماندا ئەرکی-دیارخراو دەبینێت:

اینها دو برادرند شغل این یکی، رانندگی است: ولی شغل آن یکی خبر ندارم.

ئەمانە دو بران، پیشەی یەکێکیان شۆفێرییە: بەڵام پیشەی ئەوی تریان نازانم.

٦_لەهەردو زماندا ئەرکی دیارخەر دەبینێت:

خانوەکەی ئەم، له خانوەکەی ئەو گەورەترە. خانەای این از خانەای آن بزرگ تر است.

## ئەنجام

١- له هەردو زمانی  زمانی کوردی و فارسیدا جێناو وشەیەکی ڕێزمانیە کە دەتوانرێت بەکاربێت له جیاتی ناوێک یان فرێزێکی ناوی، واته جێناو وەکو وشەیەکی ئەرکی لەشوێنی ناوێک یان فرێزێکی ناوی بەکار دەهێنرێت.

٢- هەمان ئەو جۆرانەی جێناو له زمانی کوردیدا دەست نیشان کراوه له زمانی فارسیشدا هەیە جگە له جێناوی (هەیی و خۆیی و

دیار و نەرێ)ی زمانی کوردی لە زمانی فارسیدا دەستنیشان نەکراوە و هەروەها جێناوی(تعجبی، دوسوی، گزینشی)ی زمانی فارسی لەزمانی کوردیدا دەستنیشان نەکراوە.

٣-فۆرمەکانی جێناوی دیار پێکهاتون لە(هەر، هەرکەس، هەموکەس، هەرشت، گشت، هەموشت، سەرو، هەریەک، هەرکەسێک، هەرکامێک، تەواو، هەمو،.....) هەمو ئەم جێناوانە لە زمانی فارسیدا هەیە بەڵام وەکو زمانی کوردی بە جێناوی دیار دانەنراون، بەڵکو لەگەڵ جێناوە نادیارەکاندا بەهەردوکی بە جێناوی نادیار دانراون لە زمانی فارسیدا.

٤-لە زمانی کوردیدا (هیچ، چ) وەک جێناوی نەرێ بەکار دێن و زۆر جاریش وشەی(کەس/ کەسێ، شت/شتێک، یەک/یەکێ/یەکێک) یان لەگەڵدا دێت. ئەم جۆرەی جێناوی نەرێ لەزمانی کوردیدا بەتایبەتی(هیچ) لەزمانی فارسیدا بەجێناوی نادیار دانراوە و (چ) بە جێناوی تعجب-سەرسوڕمان دانراوە، واتە جێناوی نەرێ لەم زمانەدا دەست نیشان نەکراوە.

٥- لە زمانی کوردیدا جێناوی خۆیی واتای خاوەنیەتی دەگەیەنێت. (فۆرمەکانی جێناوی خۆیی پێکهاتون لە(خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان) بەڵام جێناوی خۆیی زمانی کوردی لە زمانی فارسیدا بە جێناوی مشترک- هاوبەش دانراوە.

٦- ضمیر گزینشی- جێناوی هەڵبژاردە لە زمانی فارسیدا: ئەو جێناوەیە کە بۆئەندامێک بەتەنها لە کۆمەڵەیەکی ناسراودا ( کە لە ئاخاوتندا دیار نییە مەبەست لە کام ئەندامە) ئاماژە دەکات. ژمارەی (یک) لەگەڵ جێناوی پرسیاری(کدام) دەبنە ضمیر گزینشی. بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە جێناوە دەستنیشان نەکراوە، بەڵام دەکرێت بڵێین جێناوی(یەکێک) دەتوانرێت وەکو جێناوی هەڵبژێردراوی زمانی فارسی لەزمانی کوردیدا بەکاربێت.

٧-جێناوی دوسویە لە زمانی فارسیدا ئەوەیە کە دو جێناو بە یەکەوە بەکاردێت(هم دیگر، هم دگر، یک دیگر). ئەم جێناوەی زمانی فارسی لە زمانی کوردیدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵام جێناوی(یەکتر) دەتوانێت وەکو ئەم جێناوەی زمانی فارسی بەکار بێت.

٨-لەزمانی فارسیدا وشەکانی (چە، عجب، چقدر) کاتێک بەتەنها بێن و ناویان لەگەڵدا نەبێت، واتای سەرسوڕمان دەگەیەنن و پێی دەوترێت(ضمیر تعجبی- جێناوی سەرسوڕمان). بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە جێناوە نیە.

٩-لەهەردو زماندا دو دەستە جێناوی لکاو هەیە، لە زمانی کوردیدا هەردو دەستەکە ئەرکی بکەری و بەرکاری دەبینن دەستەی(م-مان، ت-تان، ی-یان) بە دەستەی خاوەنێتی ناسراوە، دەستەی(م-ین، ی/یت-ن، ات/ێت/¢-ن) بە دەستەی ڕێککەوتن دادەنرێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا دەستەی(م-یم، ی-ید، د-ند) هەمیشە ئەرکی بکەر دەبینن و دەستەی(م-مان، ت-تان، ش-شان) هەمیشە ئەرکی بەرکار دەبینن.

١٠ لەزمانی کوردیدا(ئەم/ئەمە- ئەمان/ئەمانە) و (ئەو/ئەوە/ئەوان/ئەوانە) جێناوی نیشانەن، لەزمانی فارسیدا جێناوی نیشانە( این-ئەمە، آن-ئەوە، اینها-ئەمانە، آنها- ئەوانە).

١١- لە هەردو زماندا جێناوی نیشانە مۆرفیمی تاک و کۆ وەردەگرن، بەڵام کاتێک دەبنە ئاوەڵناوی نیشانە مۆرفیمی تاک و کۆ وەر ناگرێت.

١٢-جێناوی نیشانە لەزمانی فارسیدا مۆرفیمی کۆ(ها) وەردەگرێت، بەڵام لەزمانی کوردیدا ناچێتە سەری. لەزمانی کوردیدا(ش/یش) دەچێتە سەر جێناوی نیشانە، بەڵام لە فارسی ناچێتە سەری.

١٣- لەزمانی کوردی شێوەزاری ناوەڕاستدا جێناوی نیشانە بۆ ڕەگەزی نێر و مێ هەمان فۆرمی هەیە و بۆ زمانی فارسیش بەهەمان شێوەیە.

١٤- لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا جێناوی نیشانە ئەرکی(بکەر، دیارخەر، ،بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئاوەڵناو،) دەبینن.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:


١_ئەمیر محمد محمد ئەمین،٢٠١٦، وشەی ئەرکی لەزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر.-٢_ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠١٤، ڕێزمانی کوردیە بەرگی یەکەم، وشەسازی(جێناو)، هەولێر.

٣_کوردستان موکریانی،١٩٨٤، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی وسۆرانی، ١٩٨٤.

-٤_نەریمان خۆشناو، ٢٠١١، زار وزمان، چاپی دوەم، هەولێر.

-٥_نوری عەلی ئەمین، ٢٠١٣،ڕێزمانی کوردی، چاپی سێ یەم، هەولێر.

-٦_وریا عمر ئەمین، ٢٠٠٤، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

سەرچاوەکان بەزمانی فارسی:

٧_حسن انوری و حسن احمدی گیوی، ١٣٩٣، دستور زبان فارسی٢، چاپ چهارم.

٨_حسن انوری و حسن احمدی گیوی،١٣٩٠، دستور زبان فارسی١، تهران.

٩_عبدالعضیم قریب و دیگران، ١٣٩٢، دستور زبان فارسی، پنج استاد، چاپ ششم، چاپ دیبا.

١٠_محمد جواد شریعت، ١٣٨٤، تجزیه و ترکیب،چاپ سوم، میدان فردوسی.

١١_نوید فاضل،١٣٩٢، دستور زبان پارسی، چاپ یکم، تهران.